# عەبدولواحید: سودانی بەعسی پێ دام لێم دوو ڕۆژدا موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بنێرێت

شاسوار عەبدولواحید، سەرکی جوڵانەوەی نەوەی رایگەیاند کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بەعسی پەداوە لێم دوو ڕۆژدا موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بنێرێت.

شاسوار عەبدولواحید سەرکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەچوارچێوەی سەردانکەیدا بۆ بەغدا و لەدوای دیدارکەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرکی هاوپەیمانی نەسر رایگەیاند، "لەکەبونەوەکەماندا جەختمان کرد کە نابێت موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بکرێتە بەشك لە کەش و ململانێکان".

سەبارەت بە دیدارکەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق، شاسوار عەبدولواحید وتی: "محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەعسی پەدام لێم یەك دوو ڕۆژدا موچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕەوانە بکات".

وتیشی، "بۆ سودانیم وت کە فەرمانبەرانی هەرێم تاوانیان چیە ئەگەر یەکێتی و پارتی کەموکورتیان هەبێت، بۆ نەناردنی موچە سزای یەکێتی و پارتی نادرێت بەکو سزای بەکەمەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدرێت".

بەگوێرەی زانیاریە میدیاکانی سە بە نەوەی نوێ، "بەیانی ئەمە دووشەممە لە شاری بەغدا شاسوار عەبدولواحید، سەرکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق کەبونەوە، لە تەوەرەکی کەبونەوەکەدا هەردوولا باسیان لە هەبژاردنەکان و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی

کوردستانیان کرد".

سەرۆک وەزیرانی عێراق، جەختی کردەوە کە "دەبێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و ناکرێت هەرێم بێ پەرلەمان و خاوەن حکومەتی ماوەبەسەرچوو بێت، چونکە ئەوە نادەستوریە".